# تەنهاییم لە رۆخ ئەفسانەییدا

## دێچۆل ئازاد

هێمن و بێدەنگ وەک پەیکەرێ
بێتاوان راکشابوو
وەک شێوەی زگی دایکێکی ئاوس
لە شێوەی گۆڕێکی مێژوویی نەخشێنرابوو

خانووە جنۆکاویەکان
کشومات لە مردوو دەچوون
خەوتبوون
لەولاشەوە باخچەکان هەوڵدەدەن بەخەبەر بێن
خواش بە ناوی بەری بەیان
تیشکی دەنارد

ئەو بەرەبەیانە کێڵگەکان پەلکێش دەکا
پەندێکی دیکە دەبەخشێتە تەمەنی مرۆڤایەتی
لەو کاتەی روناکی
رەسمی سێبەرەکەمی دەکێشا
ئەو بەرەبەیانە تاودانە زەردەپەڕییەکەی رێگاکانی بۆیە دەکرد

شار لە ئەفسانەیەکی چۆل دەچوو
چەند دوورتر دەڕۆیشتم کاتەکە پێویستتر دەبوو
هەروەک چۆن سپێدەکە زیاتر دەفراژا
ئولفەتی نێوانیشمان لەبارتر دەچوو

لەوکاتەی هاژە هاژی مرۆڤەکان رژا نێو شەقامەکان
من هەر تەنها بووم
لەناو بایەکی هەڵچوو
ئەم شارە وەک منداڵێکی هارو هاج دەهەژا
منیش هەر تەنها بووم
وەک پەیکەری قەڵا
لە ئەفسانە دەچووم
کەچی دەڕۆیشتم!

2007-7-31
مێلبۆرن